# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

## فاکتەرە ئاسایشییەکانی پەیوەندی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان

### پێشەکی

پێگەی جیۆسیاسی و جیۆستراتیژی و جیۆئیکۆنۆمی هەرێمی کوردستان لەلایەک و بکەرایەتی ئەم هەرێمە لەپاش ساڵی ٢٠٠٣ لە گۆڕەپانی نوێی سیاسەتی عێراق و بەتایبەتی لەپاش سەرهەڵدانی "داعش" لە ناوچەکە، وایکردووە ئاستێک لە پەیوەندی ئاسایشی-سەربازی و پاشان سیاسی و ئابووری و کەلتووری لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە(وەکوو تورکیا و ئێران و وڵاتانی سوننە) و تەنانەت دەوڵەتانی سەرووهەرێمییەوە(وەکوو ئەمریکا و فەرەنسا و پاشان رووسیا و...) ببێتە بەشێک لە بەرژەوەندی نەتەوەیی و بەم پێیە ئاسایشی نەتەوەیی ئەم دەوڵەتانە.

گرنگی ئەم بابەتە ئەوەیە کە چەندین فاکتەر و پرسی دیکەی نوێ هاتۆتە ئاراوە کە کاریگەری لەسەر ئاست و جۆری پەیوەندییەکان و هەروەها تێراونینی ئێرانییەکان لەهەمبەر هەرێمی کوردستان هەیە. بۆنموونە لەلایەک پرسە ئابووری و بازرگانییەکان ورۆڵ و نفووزی تورکیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەپاڵ پرسی وزە و بەتایبەتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان وەکوو ئەڵتەرناتیڤێک بۆگاز و نەوتی ئێران و لەلایەکیتریشەوە پاش بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانی داعش و رۆڵی ئێران لە سوریا و هەوڵدان بۆ جێگیرکردن و پێکگەیاندنی ئاڵقەکانی ناسراو بە پرۆژەی هیلالی شیعی لە ئێرانەوە بۆ کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، هەروەها بارگرژییەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و سەپاندنی سزا و ئابلوقە داراییەکان بۆسەر ئێران و بەم پێیە، بەرزبوونەوەی ئەگەری پێکدادانی سەربازی لەنێوانیان (هەرچەندە ناراستەوخۆ و لە رێگەی هێزە بەنوێنەرایەتییەکانی لایەنگری ئێران وەکوو حەشدی شەعبی و حیزبوڵلای لوبنان و...) وایکردووە هەرێمی کوردستان بۆ ئێران هەم وەکوو فاکتەرێکی ئاسایشی و هەم وەکوو ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ئاسایشی، هەم دەرفەت بێت و هەمیش هەڕەشە. لە روانگەیەکیترەوە بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان و دوورکەوتنەوەی لە ئێران هەڕەشەیە بۆ بەرژەوەندی ئێران لە عێراق و ناوچەکە و تەنانەت ناوخۆی، بەڵام لاوازبوون و نزیکبوونەوەی لە ئێران دەرفەتێکی ئاسایشییە.

پرسی سەرەکی ئەم نووسینە ئەوەیە کە فاکتەرە ئاسایشییەکانی کاریگەر لەسەر ئەو پەیوەندییانەی نیوان ئێران و هەرێمی کوردستان چین؟ گریمانەی ئەم نووسینەش ئەوەیە بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی پێناسەکراوی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامیدا وەکوو هەڕەشەیەکی ئاسایشی دەبیندرێت و لەهەمانکاتیشدا لاوازبوونیشی دووبارە بۆ ئێران هەرمەترسیەکی نائاسایشییە. بەم واتایە کە بەمەرجێک هەرێمی کوردستان نەبێتە پێگەیەک بۆ بنکە سەربازیی و هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و رۆژاوا بەگشتی و هەروەها نەبێتە جێگرەوەیەک بۆ وەزەی ئێران و فاکتەرێک بۆ پچڕانی ئاڵقەی پێکگەیشتنی هیلالی شیعی و لەلایەکیتریشەوە هاوسەنگی هێز لە عێراق بپارێزریت، ئەوە

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

هەرێمی کوردستان قەڵغان و دەرفەتێکە بۆ دووورکردنەوەی مەترسییەکان لە ئێران و تەنانەت پاراستنی ئاسایشی ئابووری ئەوولاتە بەتایبەتی لە سەردەمی بارگرژی لەگەڵ ئەمریکا.

ئەم نووسینە بەکەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی کتێبخانەیی و بە میتۆدی شیکاری ناوەرۆک و لە چوارچێوەی "تیۆری هاوسەنگی هەڕەشە" لەلایەک و "تیۆریی ئاسایشی هەرێمیی ئاوێتە" خویندنەوە بۆ ئەم پرسە دەکات. ئامانجی ئەم نووسینە ئەوەیە فاکتەرە کاریگەرە ئاسایشییەکان لە پەیوەندییەکانی هەردوولایەن هەڵهێنجێت و ئەم پرسە شیکارو شرۆڤە بکات و پاشان دەرئەنجامەکان بخاتەروو.

## چوارچێوەی تیۆری:

### ١: تیۆریی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمایەتی

یەکێك لە گرنگترین بەرهەمە تیۆرییەکانی "قوتابخانەی کۆپنهاگ Copenhagen School of security studies" لە بواری ئاسایشدا لە کتێبی بیرمەندی سەرەکی ئەم قوتابخانەیە، "باری بۆزان- Barry Buzan" لە کتێبێك بەناوی "خەڵك، دەوڵەتان و ترس" ( **People, States, and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era**) یان "بەرنامەی کارێك بۆ خوێندنەوەی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە سەردەمی دوای جەنگی سارد" بەرجەستە بووە. لەڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگەوە، ئاسایش فرەڕەهەندە. لەم قوتابخانەیە، ڕەخنە لە ڕوانگەی ڕیالیزم دەگیرێت کە تەنیا خاوەن ڕەهەندێکی سەربازییە و زانایانی ئەم قوتابخانەیە بڕوایان وایە کە ئیمڕۆکە ئاسایشی تاکڕەهەند بوونی نییە، بەڵکوو ئاسایش بۆ چەند بوار و ڕەهەندێك، وەکوو ڕەهەندی (سەربازی، کۆمەڵگەیی، ئابووری، ژینگەیی و سیاسی) بەرفراوان بووە. هەروەها لە قوتابخانەی کۆپنهاگندا هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر بنەمای "کۆمەڵگە" دەستنیشاندەکرێن، کە کۆمەڵگە لە تەك دەوڵەت، سەرچاوەی ئاسایشە( See: Barry Buzan, 2007).

باری بۆزان لە کتێبی"Regions and Powers: The Structure of International Security" "ناوچەکان و هێزەکان: بونیادی ئاسایشی نێودەوڵەتی"( See: Buzan and Waever, 2004) لەساڵی (٢٠٠٣)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، شەش هێشوو- ناوچەی ئاسایشیی وەکوو: ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەورووپا، ئەفریقا، ئەمریکای باکوور و ئەمریکای باشوور، پێکهات. بەم شێوەیە، شەش هێشووی ئاسایش دروستبوو، کە بابەت و پرس و گیروگرفتەکانیان لەگەڵ یەکتری (لەناو هێشووەکە . ناوچەکە) وێکچوونی تێدایە. بۆزان، بەرگری لە ئاستی شیکردنەوەی ناوچەیی دەکات و "تیۆریی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمایەتی" **Regional security complex theory** (RSCT) بونیاد دەنێت. بەبڕوای بۆزان، ئاستی شیکردنەوەی نەتەوەیی واتا "ئاسایشی نەتەوەیی"، کە ڕیالیستەکان بەرگری لێدەکەن، ناتوانێت هەموو بوارو بابەتەکانی ناوچەیی لەخۆبگرێت، بەڵکوو هەموویان دەخاتە ژێرویستی نەتەوەیی وویستی دەوڵەت؛ کە ئەمەیش ڕاست نییە. هەروەها لە ئاستی جیهانیدا، کۆنتێکستی ناوچەیی و خوارنەتەوەیی و نەتەوەیی، هەموویان دەکەونە ژێر

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

هەژموونیی سیستەمی نێودەوڵەتی و، بەپێی فۆرمۆلی دابەشکردنی هێز لە ئاستی جیهانیدا شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت؛ کە ئەمەیش راست نییە.

## ٢: تیۆریی هاوسەنگی هەڕەشە

تیۆریی نەریتی "هاوسەنگی هێز"(Balance of Power) وەکوو کۆنترین تیۆریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای "هێز" بوو(See: Donnelly. J, 2008). بەم مانایە کە دەوڵەتان لەهەمبەر بەهێزبوونی ئەکتەر و دەوڵەتانیتر، خۆیان بەتایبەت لەڕووی سەربازییەوە بەهێز دەکرد و روویان دەکردە دروستکردنی هاوپەیمانییەتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشە ئاسایشییانە( See: Gulick, E.V, 1955). بەم واتایە کە هەرجۆرە بەرزبوونەوەی ئاست و رێژەی توانا وهێزی دەوڵەتان بە هەڕەشە لێکدەدرایەوە وکاردانەوەی دەوڵەتانی دیکەی بەدواوە بوو. بەڵام ئەم تیۆرییە بەهۆی کێشە و گرفتی زۆرەوە نەیتوانی وڵامی هاوکێشە ئالۆزە ئاسایشییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بداتەوە( See: James. P, 2002). بۆیە "ستێفان ڤاڵت" (Stephan Walt) پرۆفیسۆری کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی هارڤارد، وەکوو تیۆریسیەنی بەناوبانگی ریالیزمی بەرگریکارانە(Defensive Realism) هەوڵیدا ئەم تیۆرییە هەموار بکاتەوە(See: Stephan Walt, 2002). ستێڤان ڤاڵت جیاوازی لە نێوان دوو چەمکی "هەڕەشە" و "هێز" دانا. بەبڕوای ڤاڵت ئەوە هەڕەشەیە کە بە کرۆکی ناوەندیی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ ئاسایشییەکان دادەنرێت نەك هێز. بۆیە بەبڕوای ڤاڵت دەوڵەتان لەهەمبەر هەستکردن بەمەترسی و هەڕەشە، دوو ستراتیژیی دەگرنە بەر: ١-هاوسەنگی(Balance) ٢- بەدواداکەوتن یاخود ملکەچبوون(Bandwagon). هەرچەندە دەوڵەتان زیاتر ستراتیژیی هاوسەنگی دەگرنەبەر بەڵام، ئەگەر نەتوانن لەهەمبەر ئەو ئەکتەرە بوەستنەوە، ستراتیژیی ملکەچبوون دەگرنەبەر.

بە بڕوای "ڤاڵت" دەوڵەتان تەنها لەهەمبەر ئەو ئەکتەرانەی کە بە هەڕەشە دادەندرێن ستراتیژیی هاوسەنگی یاخود بەدواداکەوتن دەگرنە بەر. لە کۆتاییدا ڤاڵت چوارفاکتەر وەکوو پێوەری هەڕەشە دادەنێت:

١-توانا گشتییەکانی ئەو ئەکتەرە(Overall Capabilities): وەکو رێژەی دانیشتوان و ئاستی پێشکەوتنی ئابووری و سەربازی و..هتد. کە بە فاکتەریاخود رەهەندەکانی رەقی هێز دادەندرێن.

٢-نزیکی جوگرافیایی یاخود نزیکی هەڕەشە(Geographic Proximity): لێرەدا لە نێوان درک و تێگەیشتن لە هەڕەشە، نزیکی و هاوسنووربوونی جوگرافیاییدا پەیوەندی راستەوخۆ هەیە.

٣-توانا هێرشبەرانەکان(Offensive Capability): لێرەدا بەهەرئاست ورێژەیەك توانای هێرشبەرانەی ئەکتەرێك بەرزتر بێت، بەو ئاستە دڵەڕاوکێی ئاسایشی بۆلایەنی بەرامبەری دروستدەکات.

٤-نییەتە دوژمنکارانەکان(Aggressive Intentions): لێرەدا ئەو ئەکتەر و دەوڵەتانەی کە نییەتی هێرشبردن و دوژمنکارانەیان هەیە زیاتر بە هەڕەشە و مەترسیی ئاسایشی دادەنرێن( see: Peter Rudloff, 2013).

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

بەشێوەیەکی گشتی ئەم چوار فاکتەرە پێکەوە ئاستی بارگرژی و پێکدادان بەرزدەکەنەوە. بەم پێیە ئەوەی کە گرنگە زیاترنییەتی ئەولایەنەیە کە لایەنی بەرامبەری بەپێی کۆمەڵێك فاکتەری سایکۆلۆجی و ناسنامەیی خوێندنەوەی بۆدەکات. بۆ نموونە بەهێزبوونی دەوڵەتێکی ئەورووپی بەهۆی ناسنامەی ئەو دەوڵەت و جۆری سیستەمە سیاسییەکەی و خوێندنەوەی نییەتەکەی لەلایەن ئەکتەری بەرامبەرەوە بۆ وڵاتێکیتری ئەورووپی بەمەترسی وهەڕەشەی ئاسایشی دانانرێت. بۆیە دەبینین کە خوێندنەوەی ئەو دەوڵەتە و تێگەیشتنی لەلایەنی بەرامبەرەکەی بەهۆی ناسنامەکەی و بەم پێیەش پێناسەکردنی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەییەکەی رۆڵی کاریگەری لەم پرۆسەیەدا هەیە.

## سەرچاوە و فاکتەرەکانی هێزی هەرێمی کوردستان

### ١-پێگەی جوگرافی:

یەکێك لەگرنگترین رەگەزەکانی هێزی هەر دەوڵەتیك، هەڵکەوتە و پێگەی جوگرافیی ئەو دەوڵەتەیە بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە. ئەمەیش کاریگەریی پێگەی جیۆسیاسی و جیۆئێکۆنۆمی و تەنانەت جیۆکالچەرو جیۆستراتیژیی ئەو دەوڵەتە دەستنیشاندەکات. هەرێمی کوردستان سەرەڕای گەمارۆدراوی لەلایەن دەوڵەتە نەیارەکانییەوە، بەهۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و، هەروەها هەبوونی رەهەندەکانی هێز و گۆڕانکاری لە رەگەزەکانی هێز لەلایەك و، ئاڵوگۆڕەکانی ئەم چەندساڵەی دوایی لەناوچەکەدا، پێگەیەکی جیۆستراتیژیی هەیە کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر هاوکێشە جیۆسیاسییەکانی ناوچەکە وتەنانەت بواری جیۆئێکۆنۆمی دابنێت. بەپێچەوانەی بۆچوونی بەشێك لە هاووڵاتیان، پێگەی هەرێمی کوردستان بەهۆی ململانێ ناسنامەییەکانی ناوچەکە و، هەروەها بوونی قووڵایی ستراتیژی لە دەوڵەتانی نەیار (کوردەکان) و، بوون لە چەقی خاڵی پێککەیشتن و پێکدادانی جیۆپۆلیتیکی تورك و فارس و عەرەب، بە باشترین شێوە دەتوانێت لەهەر مەترسی و هەڕەشەیەکدا دڵەڕاوکێی ئاسایشی بۆ ئەو دەوڵەتانە دروستبکات و، بەپێچەوانەوە دەوڵەتی کوردستان دەتوانێت رۆڵی هێزی هاوسەنگکەر (Balancer) لە نێوانیاندا بگێرێت. بۆیە کورد دەتوانێت لەرێگەی بەکارهێنانی دروستی هێزو سیاسەت و جوگرافیا، کاریگەریی جیۆسیاسیی خۆی بەرز بکاتەوە(بڕوانە: اسمعیل پور روشن، ١٣٩٦).

### ٢-سەرچاوە سروشتییەکان و ئابووری:

یەکێك لە فاکتەرەکانی هێزی کوردستان، بێجگە لە فاکتەری ئاو بەبەراورد لەگەڵ عێراق(بڕوانە: بهرام محسنی و مهدی رحیمی پور، ١٣٩١)، بوونی سەرچاوەی سروشتی، بەتایبەت نەوت و گازە، کە لەکاتی جەنگ و ئاشتیدا دەتوانێت ژێرخانی هەرێمی کوردستان ببووژێنێتەوە و پێداویستییەکانی دابینبکات و، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە لە پرسی دەستەبەرکردنی ئاسایشی وزە و، هەروەها ململانێ جیۆئێکۆنۆمییەکانی ناوچەکەدا بەشداربێت. لەلایەکیتریشەوە، دەوڵەتی کوردستان دەتوانێت لەڕووی ئاسایشی خۆراکەوە توانایەکی بەرزی هەبێت. ئەمەیش دەتوانێت بەرژەوەندیی کوردستان بە

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

بەرژەوەندیی دەوڵەتان و کۆمپانیا فرەرەگەزەکان گرێبدات کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا شوێندانەریان لەسەرسیاسەتی دەوڵەتان و تەنانەت سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە.

### ٣-توانای سەربازی(پێشمەرگە):

جگە لە ئەزموونی رابردووی گەلی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی سوپای داگیرکەراندا، لەم ماوەیەی دواییدا جەنگی دژی تیرۆر و بەتایبەت داعش، دەرفەت و ئەزموونێکی بێوێنەی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان رەخساندووە کە لە ئاستی دەوڵەتانی ناوچەکە و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەکوو سەرچاوەی هێزی کوردستان هەژمار دەکرێت. ئەمەیش هەم لە بواری ناوخۆیی و هەم دەرەکیدا، سەرەڕای نزمیی ئاستی تەکنەلۆژی و پێداویستییە سەربازییەکان، دەتوانێت ئاسایشی کوردستان دەستەبەربکات(بڕوانە: روح الله طالبی ارانی و یحیی زرین نرگس، ١٣٩٥).

### *٤-توانای دیپلۆماسی:*

هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە، توانیویەتی سەرەڕای نەبوونی دەوڵەت، لەڕووی دیپلۆماسییەوە مامەڵەی ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی بکات. بوونی چەندین نوێنەرایەتی و کونسوڵخانەی وڵاتان لە کوردستان، ئەو بوارەی رەخساندووە کە لەڕووی ئابووری و سیاسی و کەلتووری و تەنانەت سەربازییەوە کوردستان بتوانێت بەبەراورد لەگەڵ ئەکتەرە هەرێمییەکان، پەیوەندییەکی تارادەیەك هاوسەنگی لەگەل دەوڵەتانی ناوچەکە و ناوەندەکانی بڕیار لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەبێت. ئەمەیش توانای هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بەرز دەکاتەوە. راستییەکەی، دیپلۆماسی، باسك و ئامرازی جێبەجێکردنی هێزی نەرمە بۆکوردستان.

### ٥-هێزی نەرمی کوردستان:

هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ بارودۆخی دەوڵەتانی ناوچەکە وئەوکارەساتانەی لەڕووی جیاکاری و توندوتیژییەوە لەڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی مرۆیی و ئایینی و نەتەوەیی و سیاسی و ... روودەدەن، لە ئاستێکی زۆر بەرزی کولتووری (پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان وەکوو سوننی و شیعە، عەرەب و تورکمان وکورد وکلد و ئاشوورو سریان، کاکەیی و شەبەك و ئیزدی و کریستیان) و، هەروەها سیاسی (لەڕووی دیموکراسی و فرەیی سیاسییەوە) و، لەڕووی سیاسەتی دەرەوە (بەهۆی جۆری پەیوەندی و رەفتارە ئاشتییانەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان)دایە. لەلایەکیتریشەوە بەهۆی شۆڕشەکانی زانیاری و تەکنەلۆژی و پەیوەندییەوە، ئیمڕۆکە هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەڕێگەی میدیا وئینتەرنێت وتۆڕەکانی پەیوەندییەوە کاریگەریی لەسەررای گشتیی دەوڵەتان و ناوەندەکانی هێز هەبێت؛ کە ئەمەیش بە یەکێك لە گرنگترین رەگەزەکانی "هێزی نەرم" دادەنرێت(بڕوانە: حسن بوژمهرانی و مهدی پوراسلامی، ١٣٩٣).

## دڵەراوکێی ئاسایشییەکانی ئێران لەهەمبەرهەرێمی کوردستان بەپێی تیۆریی هاوسەنگی هەڕەشە

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە کە هەستکردن بە دڵەڕاوکێی ئاسایشی و هەڕەشە لەهەمبەر هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە، تەنها بەهۆی خودی سیاسەت و ستراتیژی و تێگەیشتنی ئێرانە لە پرسە ئاسایشی و هاوکێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان(بڕوانە: موسوی‌زادە، علیرضا و جاودانی مقدم، مهدی، ١٣٨٨). بۆیە لە کۆتاییدا دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین:

١-لەڕووی توانا گشتییەکانەوە، کۆماری ئیسلامی بەهۆی جۆری فرەیی پێکهاتەی دانیشتوانی دەوڵەتی کوردستان لەڕووی ناسنامەیی و نەتەوەیی و ئایینییەوە لەلایەك و توانای ئابووری هەرێمی کوردستان و پێگەی جیۆئێکۆنۆمی ئەم دەوڵەتە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی سروشتی و پرسی ئاسایشی وزە و هەروەها بوونی هێزی پێشمەرگەی ئامادە و جەنگ دیدە و بە ئەزموون بەهەڕەشە دەزانێت. ئەمە بێجگە لە ئەگەری گرێدانی هاوپەیمانییەتی سەربازی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و تەنانەت ئیسرائیل لە داهاتوودا. ئەمەش هاوسەنگی هێزلە دژی ئێران لە ناوچەکەدا تێکدەدات(بڕوانە: مسعود اخوان کاظمی و دیگران، ١٣٩٧).

٢-لەڕووی نزیکی جوگرافیاییەوە، هەرێمی کوردستان هاوسنووری ئێرانە و هاتنی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی بەهۆی ستراتیژی و سیاسەتی ئیران لەناوخۆ و لە ناوچەکەدا بە مەترسی ئاسایشی دادەنرێت بۆسەر ئێران(بڕوانە: زیباکلام، صادق و عبدالله پور، محمدرضا، ١٣٩٠). ئەمە بێجگە لە ئەگەری نفووزی تورکیا و وڵاتانی سوننەی نەیاری ئێران کە بەجۆرێك دۆست و هاوپەیمانەکەیان(کوردستان) دەبێتە هاوسنووری ئێران و کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە گەمارۆ و ئابلوقەی جیۆسیاسییەوە. هەروەها پرسی کورد لە ئێران و هاوسنووریی هەرێمی کوردستان لە گەل کوردەکان لە ئێران بە هەڕەشەی ئاسایشی دادەنرێت.

٣-لەڕووی توانای هێرشبەرانەوە، کۆماری ئیسلامی پێیوایە کە هەرێمی کوردستان دەبێتە پێگەی ئەمریکا و لەڕێگەی کوردستانەوە توانای هێرشبەرانەی ئەمریکا و تەنانەت ئیسرائیل بۆسەر ئێران بەرز دەبێتەوە(بڕوانە: اخوان کاظمی، مسعود و عزیزی، پروانە، ١٣٩٠). رێبەری ئێران و نوخبە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکانی ئێران ئەمەیان بە ئاشکرا راگەیاندووە و ئەو دڵەڕاوکێ و مەترسییەیان نەشاردۆتەوە. بۆیە لەوانەیە کوردەکان و هێزە ئۆپۆزیسیونەکانی ئێران لە ناوخۆی ئێران هانبدرێن یاخود پرچەك بکرێن بۆ رووخانی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران(بڕوانە: حسن بوژمهرانی و مهدی پوراسلامی، ١٣٩٢).

٤-لەڕووی نییەتی دوژمنکارانەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران تێگەیشتنی ئەوەی هەیە لە ئەگەری دابەشبوونی عێراق و دروستبوونی ئەم دەوڵەتە گریمانەکراوە بە هاندان و پاڵپشتی ئەمریکا و ئیسرائیلە و لەسەر نییەتی ئەوانە کە لەهەمبەر ئێران دوژمنکارانەیە.بۆیە پێیوایە ئەم دەوڵەتە دەبێتە هەڕەشەی ئاسایشی بۆسەرئێران(بڕوانە: نبی اله روحی، ١٣٩٣). ئەمە دیسانەوە پەیوەندی بە دابەشبوونی عێراقی هاوپەیمانی ئێران و پچرانی هێڵی بەرگری ئێران لە سووریا و لوبنان و هەروەها پرسی کورد لە ئێرانەوە هەیە. هەروەها ئێران ئەمە بەسەرتای ڕووخان و دابەشبوونی دەوڵەتانی ناوچەکە و خودی ئێران

دادەنێت(بۆزانیاری زیاتربڕوانە: زهرا پیشگاهی فرد وحسن کریمی، ١٣٩٧ ومسعود اسلامی وعلی شمس ابادی، ١٣٩٧).

## دڵەراوکێی ئاسایشی و مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە پەیوەندی هەرێمی کوردستان وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

١- رێگرتن لە باڵادەستیی ئێران و گرووپە توندڕەوە هاوپەیمانەکانی و، هەروەها کەمکردنەوەی رۆڵ و نفووزی ئێران. لە سووریا و عێراق پێگەی جیۆسیاسی و جیۆستراتیژیی کورد، ئەم کارە بۆ ئەمریکا ساناتر دەکات(بۆزانیاری زیاتربڕوانە: سید جلال دهقانی فیروزآبادی و خضرخدیری وریک، ١٣٩٢ و ارسلان قربانی شیخ نشین و اکرم قدیمی، ١٣٩١).

٢- پاراستنی ئاسایشی وزە، بەتایبەتی لە ئێستادا بەهۆی گوشارەکانی بۆ سەر ئێران و ئابلووقە بۆسەر فرۆشتنی نەوتی ئێران، ناخوازێت نرخی نەوت بەرز ببێتەوە. بۆیە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ئێستا و داهاتوو، دەتوانێت ئەم رۆڵە ببینێت و، کۆماری ئیسلامی زۆرلەوە نیگەرانە.

٣- پرسی تیرۆروڕووبەڕووبوونەوە وبەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گرووپە تیرۆریستییەکان. هەرێمی کوردستان و کوردستانی رۆژاوا، بەتایبەتی لە جەنگی دژی داعش، پشکی شێریان لەم ستراتیژییە ئاسایشییەی ئەمریکا بەرکەوتووە.

٤- دەستەبەرکردنی ئاسایشی وڵاتانی عەرەبی-سوننە وتەنانەت دوورکردنەوەی عێراق وسووریا ولوبنان ویەمەن لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی ئێران وبەستنەوەی بە جیهانی عەرەبییەوە. هەروەها دروستکردنی هاوسەنگییەك لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق، کورد و سوننە و شیعە؛ بەم پێیەیش دوورکردنەوەی کورد وشیعەکان لە ئێران. ئەمەیش لە عێراق بە بوونی سوننە وکورد دەتوانێت جێبەجێ بکرێت و رێگە لە باڵادەستی و ستراتیژیی ئێران بگرێت.

٥- پێکهێنانی حکوومەتێکی نزیك لە وڵاتانی سوننە و بەتایبەتی لە بەغدا کە هاوپەیمانی ئەمریکا بێت. لێرەدا هەرێمی کوردستان پێگە ورۆڵێکی بەهێزی هەبووە/ دەبێت.

٦- پچڕاندنی ئاڵقەی پێکگەیشتنی "هیلالی شیعی" لە ئێرانەوە بۆ دەریای ناوەڕاست و، بەم پێیەیش پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل؛ لەڕوانگەیەکی ترەوە، کۆنترۆڵکردنی نفووزی ناوچەیی ئێران لەڕێگەی عێراقەوە. تەنانەت ئیدارەی نوێی ئەمریکا، دەخوازێت پاش دەرچوونی ئەمریکا لە رێککەوتنی ئەتۆمی و جەنگی دژەتیرۆر(داعش) لە عێراق و سووریا و باڵادەستیی ئێران لەو دوو وڵاتە، هاوسەنگییەکی نوێ لە ناوچەکەدا بێنێتە دی. جوگرافیای کوردستان ورۆڵی هەرێمی کوردستان لەم نێوەندا هەم بۆ ئەمریکا و هەم ئێران گرنگیی تایبەتی هەیە.

٧- نزیکبوونەوە لە سنوورەکانی ئێران بۆ هەر سەرکێشی و ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراو لەلایەن ئێران و گەڕاندنەوەی ئێران بۆ سنوورە فەرمییە نەتەوەییەکانی. بۆیە هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا لە دوو

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

ڕەهەندەوە بایەخی هەیە، **یەکەم:** ڕێگەگرتن لە پووچەڵکردنەوەی ئابلۆوقە و سزاکانی ئەمریکا، **دووەم:** چاودێریی ئێران و ئامادەکاری بۆ هەر ئەگەرێکی ئاسایشی-سەربازی. کۆماری ئیسلامییش لەو خاڵە ستراتیژییەی ئەمریکا و بوونی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت سوپایەکی یەکگرتوو و پڕچەك و ڕاهێنراوی پێشمەرگە و، هەروەها ئامادەیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەست بە دڵەڕاوکێی ئاسایشی دەکات(بڕوانە: امیر ساجدی و فرامرز امجدیان، ١٣٩٠).

**توانا و فاکتەرەکانی گوشاری کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر هەرێمی کوردستان-عێراق:**

گۆڕانکارییە نێونەتەوەییەکان بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی، بووەتەهۆی ئەوەی کە ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە هاوکێشە سیاسییە ناوچەییەکاندا بەرجەستەتر بێت. بەم پێیەش هەرێمی کوردستان-عێراق لە پێگەی تەنیا "فاکتەرێکی کاریگەر" دەرچووە و بووەتە ئەکتەر یاخود "بکەرێکی شوێندانەر" لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکاندا. بەم مانایەی کە ئەم بکەرە (هەرێمی کوردستان)، خۆی هەڵگر و خاوەن چەندین خاڵی لاواز و فاکتەری بەهێزە بۆ ڕۆڵبینین و کاریگەری، یان کارتێکەری لە هاوکێشەکاندا. ئەم دۆخە نوێیەش، لەلایەک دڵەڕاوکێی ئاسایشی بۆ ئێران دروستکردووە و لە لایەکیتریشەوە بەهۆی نفووز و پەیوەندییەکانی ئێران لە عێراق، دەرفەتی بۆ هێناوەتە ئاراوە.

١-فاکتەری وزە (نەوت و غاز)، بووەتە هۆی ئەوەی کە پێگەی هەرێم بەرز ببێتەوە و لە هاوکێشە جیۆئێکۆنۆمیک و ئاسایشییە ناوچەیی و تەنانەت نێونەتەوەییەکاندا (بەتایبەت بۆ داهاتوویەکی نزیک) حیسابی بۆ بکرێت. ئەمەیش بۆ هەرێم بووەتە خاڵێکی بەهێز (ئەمە بێجگە لە ئاستی دوورمەودا و چۆنیەتیی وەبەرهێنانی ئەم سەرچاوە گرنگە لە پرۆسەی ئابووریی کوردستان)، بەڵام لەهەمانکاتدا لەلایەن ئێرانەوە بە هەڕەشە و دەرفەت هەژمار دەکرێت(بڕوانە: جاسب نیکفر و مهدی ماهیدشتی، ١٣٩٤). بیرمەندانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سەدەی بیست و یەکەم بە سەدەی "جیۆئێکۆنۆمیك" دەزانن، بۆیە یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا لە هەمبەر پرسی ئاسایشی وزەدا زۆر هەستیارن. بۆ نموونە یەکێتیی ئەوروپا لە ئێستادا بەڕێژەی ١٥,٢٪ لە کۆی گازی سروشتیی بەرهەمهاتووی جیهان و ١٩,٣٪ لە کۆی نەوتی جیهان بەکار دینێت. بۆ نموونە ئەورووپا بۆ پڕکردنەوەی ئەم پێداویستییانەیش، بەڕێژەی ٢١٤,٦ ملیۆن تەن نەوت ڕۆژانە لە رووسیا و وڵاتانی هاوبەرژەوەندی، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ١٦١ ملیۆن تەن و، ئەفریقای باکوور ١٢٢ تەن نەوت هاوردە دەکات. لە بواری دابینکردنی گازیشدا، نیوەی گازی پێویستی خۆی تەنیا لە سی وڵاتی رووسیا بەڕێژەی ٢٦٪ و، نەرویج ١٤٪ و، ئەلجەزایەر ١٠٪ دابیندەکات. بۆیە پێشبینی دەکرێت کە یەکێتیی ئەوروپا تا ساڵی ٢٠٣٠ بەڕێژەی ٤٨٨ ملیار مەتری چوارگۆشە گازی سروشتی هاوردە بکات. بۆیە وڵاتانی ئەوروپا لەهەوڵی کەمکردنەوەی وابەستەبوونیان بە رووسیا، یاخود لانیکەم لە هەوڵی فرەجۆرکردنیدان. پێشبینی دەکرێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاوەکوو ساڵی ٢٠٢٣، ڕۆژانە نزیکەی 10ملیۆن بەرمیل نەوت و ڕێژەی ٤١ ملیار فوتی چوارگۆشە گازی سروشتی بەرهەمبێنێت. بەم پێیە ڕێژەی ٢٩٪ لە نەوتی بەرهەمهاتووی ئێستا بۆ ڕێژەی٣٤٪ لە بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان و، ڕێژەی ١٤٪ لە بەرهەمهێنانی گازی سروشتیی ئێستا بۆ

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

ڕێژەی ۲۹٪ لە گازی سروشتیی جیهان بەرز بکاتەوە. ئابووریی ئێرانیش گرێدراوی داهاتی هەناردەکردنی نەوت و غازە و، هەندێکجار ئەمەی وەکوو کارتی گوشار لە هاوکێشە سیاسییەکاندا بەکارهێناوە(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سعید خالوزادە، ۲۰۱۹). لەو ڕوانگەیەوە کە کوردستان خاوەنی یەدەگی ناسراو و نەناسراوی بەرچاوە لە بواری سەرچاوە سروشتییەکان و، ئێستا هەرێمی کوردستانیش لەناو نەخشەی جیهانیی وزەدایە و چەندین کۆمپانیای گەورەی جیهانی لە هەرێمی کوردستان لەم کەرتەدا کارو چالاکی دەکەن و رۆژبەڕۆژ ئاستی هەناردەکردنی وزەی کوردستان بەرزتردەبێتەوە. لێرەوە ئەم خاڵە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان وەکوو رکابەری ئێران و فاکتەرێک بۆ زیانی زیاتری ئابووریی ئێران لەلایەک و، لەلایەکیتریشەوە وەکوو جێگرەوە (بەدیل) بۆ وڵاتانی بەکارهێنەری نەوت و غازی ئێران، بەتایبەت تورکیا و یەکێتیی ئەوروپا لەڕووی غازی سروشتییەوە رۆڵ دەبینێت. ئەم فاکتەرە وادەکات کە ئێران بێجگە لە زیانی ماددی، لەڕووی سیاسی و تەنانەت ئاسایشییەوە زەرەرمەند بێت. هەرووەها یەکێتیی ئەوروپا پێویستیی بە ئێران نامێنێت (کەمتردەبێتەوە) و تورکیایش، کە ئێستا بە قەبارەی ساڵانە ۱۳٫۷ ملیاردۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لەگەڵ ئێراندا هەیە، لەڕووی هاوسەنگییەوە لە ناوچەکە پێگەی بەرزتر دەبێتەوە(بۆ نموونە و بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: روح الله طالبی آرانی و حسین چراغی، ۱۳۹۵)[1].

بۆیە، ئێران هەوڵدەدات بەهەموو شێوەیەک لەڕێگەی بەغداوە رێگری لە بەهێزبوون وسەربەخۆیی زیاتری هەرێمی کوردستان بکات و بەربەستی بۆ دروستبکات بەمەبەستی گوشارخستنەسەر هەرێمی کوردستان(بڕوانە: علی محمدیان و قاسم ترابی، ۱۳۹٤). بەڵام ئێران تاڕادەیەک لەڕووی ئابووری و تەنانەت سیاسییەوە سوودمەند دەبێت، ئەگەر بەشێک لە هێڵی گواستنەوەی وزەی هەرێم بە خاکی ئێراندا تێپەڕ ببێت (هەرچەندە ئەمە بۆ هەرێمی کوردستانیش، سەرەڕای مەترسییەکانی، دەتوانێت دەرفەت بێت ئەگەرتاکە بەدیل نەبێت). ئەمە بێجگە لەوەی کە ئێران پێشترهەوڵیدەدا لەڕێگەی عێراق و سووریاوە، کە دووولاتی لایەنگر و هاوپەیمانی بوون، هێڵێکی گواستنەوەی غاز بۆ دەریای ناوەڕاست رابکێشێت کە پێگەی ئێرانی زۆربەرز دەکردەوە و ئاسایشی وزەی دەخستە ژێرکۆنترۆڵی خۆی و پێگەی وڵاتانی کەنداوی لاوازتر دەکرد.

۲-بەهۆی هاتنەئارای هاوکێشەی نوێ لە ناوچەکە و بەرزبوونەوەی رۆڵ و پێگەی کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان-عێراق بەتایبەتی، کۆماری ئیسلامی، ترسی لە بەرزبوونەوەی داواکاریی کورد لە ئێراندا هەیە. بەم مانایە کە بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان، دەبێتە مۆدێلێکی سەرەنجڕاکێش بۆ

[1] - بۆ نموونە: ((بر اساس گزارش سازمان تنظیم بازار انرژی ترکیه (EMRA)در ژانویه ۲۰۱۹ (دی ۹۷) ایران ۳۵.۱۲% درصد از کل واردات نفتی ترکیه را تامین و پس از عراق و روسیه در رتبه سوم مشتریان نفتی آنکارا قرار گرفت. در همین بازه زمانی ایران کمتر از ۱۴% درصد از واردات گاز ترکیه را تامین و پس از روسیه، آذربایجان و الجزائر در رتبه چهارم قرار گرفت)).

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

کوردەکان لە ئێران و، ئەمەیش وا دەکات کە ئێران هەوڵبدات هەرێم بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و ئەم سیاسەتەیش بە دوو ستراتیژی سەرەکی بەڕێوە دەبات:

**یەکەم**: دژایەتی و هەوڵی دروستکردنی کێشەی ناوخۆیی لە ناوخۆی هەرێم و هەروەها گوشارخستنەسەر هەرێم لەلایەن بەغداوە و، تەنانەت دروستکردنی هەڕەشەی ئاسایشی لەسەر سنوورەکان بە بیانوی جۆراوجۆر.

**دووەم**: کارکردن لەسەر لێکترازانی گوتاری یەکگرتووی کورد و زەقکردنەوەی کێشەکان، لەڕێگەی کاریگەریدانان لەسەرلایەنێک لە لایەنە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی کوردستان(بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: جاسب نیکفرو ساسان زمانی دادانە، ١٣٩٧).

**سێیەم:** ئێران هەوڵدەدات بەهەموو شێوەیەک ڕێگە لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان- باشوور بگرێت(بڕوانە: قدیر نصری و داو رضایی، ١٣٩٢). بۆ ئەم مەبەستە، هەموو ئامرازە نەرم و ڕەقەکانی بەکاردێنێت( بڕوانە: فاتح مرادی، ١٣٩٧). لەم نێوەندەدا، گوشارەکانی بەغدا (سیاسی و ئابووری) و هەروەها سەربازی، وەکوو پێکداادان لە نێوان شیعە-کورد و هەروەها لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، سوننە-کورد، چاوەڕوانکراوترین سیناریۆکانن لە داهاتوویەکی نزیکدا. ئەمە بێجگە لەوەی کە "سوپای قودسی" کۆماری ئیسلامیی ئێران (بەپێی شارەزایی و ئەو ئەرکانەی کە پێی سپێردراوە) دەتوانێت هەڕەشەی ئاسایشی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان دروست بکات، کە ئەمەیش کاریگەریی سلبی لەسەر سەقامگیری و ئاسایش و کەرتی ئابووری و پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروستدەکات.

**چوارەم:** کۆماری ئیسلامی، جگە لە ئامانجەکانی تری بەڕێوەبردنی ململانێ ناوچەییەکانی خۆی لەگەڵ ئەکتەرەکانیتردا، لە یارمەتیدانی پارتە کوردییەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، هەوڵدەدات لەڕێگەی ئەم پارتانەوە (بەتایبەت پەکەکە)، کێشە وگرفتی ئاسایشی بۆسەقامگیریی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان دروستبکات. تەنانەت ئەگەر بتوانێت، هەوڵدەدات تورکیایش بێنێتە ناو ئەم هاوکێشەیەوە و بەم پێیەش، تورکیا لە هەرێم دووربکاتەوە و ئەمەیش پێگەی سیاسی-ئابووریی هەرێمی کوردستان لاوازدەکات(بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: مصطفی خیری، عنایت الله یزدانی، علی امیدی، ١٣٩٥).

**پێنجەم:** ئێران بەبیانووی بوون و چالاکیی پارتە سیاسییە دژبەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان، هەوڵی گوشارخستنەسەر هەرێمی کوردستان دەدات. بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئەمە جگە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە) وەکوو "قووڵایی ستراتیژیک"، دەتوانێت گەرەنتیی پووچەڵکردنەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی ئێران بێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بە مەرجێک هەرێم بتوانێت بە ستراتیژییەکی فرەڕەهەندی (سیاسی، ئابووری وکەلتووری) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نفووزی هەبێت. لە ئەگەری لاوازیی بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوە بەدڵنیاییەوە هەرێمی کوردستانیش لە هاوکێشەکانی ناوچەکە لە هەمبەر ستراتیژیی کۆماری ئیسلامیدا پێگەی لاوازدەبێت و ئاسایشەکەی لەبەردەم هەڕەشە و مەترسیدایە.

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

**شەشەم:** کۆماری ئیسلامی، گرنگیی زۆر بە جەنگی سایبری و هەڕەشە سایبرییەکان دەدات و سوپای سایبریی دامەزراندووە. هەروەها چەندین بەشی دەرەوەی سنوورەکانی هەیە کە لەمڕووەوە کار دەکەن(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سید محمدجواد موسوی خورشیدی، ١٣٩٤). بەم پێیەیش ئێران لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەناڵە ڕاگەیاندنەکانییەوە لە ئێران و هەروەها ڕاگەیاندنە لایەنگرەکانی لە هەرێمی کوردستان، دەتوانێت کاریگەی لەسەر "رای گشتی"ی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە هاوکێشە سیاسییەکان و هەروەها بارودۆخە هەستیارەکان(بۆ نموونە دژایەتیی گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧) دروستبکات. بەم پێیەیش، هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێنایەکی نەخوازراو لە هەرێمی کوردستان و ئەزموونی دەسەڵاتداریەتیی کوردی پێشکەش دەکات، کە ئەمەیش قووڵایی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە و هەم لە ئاستی ناوخۆییشدا سەقامگیریی سیاسیی هەرێم دەخاتە ژێر هەڕەشەوە.

**حەوتەم:** مەترسییەک کە هەڕەشە لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان دەکات پرسی "باندەکانی لەشفرۆشی" و "ماددەی هۆشبەر"ە، بەم واتایە کە بەهۆی دراوسێیەتی لەگەڵ ئێران، تێکچوون و خراپبوونی باری ئابووری و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەوڵەتە کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان دەکات و ئەم دوو مەترسییە بەشێکن لەو هەڕەشانە. بەم واتایە زیاتر لەوەی ئەم هەڕەشە و مەترسیانە سیاسی-سەربازی بن، کۆمەڵایەتین.

**هەشتەم:** کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سوودوەرگرتن لە هەڵکەوتەی جیۆپۆلیتیکیی خۆی، بنەما و ڕەگەزەکانی ئیسلامی و شیعیی خۆی بە میکانیزمی جۆراوجۆر بەکار دەهێنێت تا لە دەرەوەی سنوورەکانیدا ڕۆڵی کاریگەر ببینێت و بوارەکانی کەلتووری و مەزهەبی و پزیشکی و ئاوەدانکردنەوە و ڕاگەیاندن و ڕای گشتی، وەك بەشێك لە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خزمەت ئایدیا و بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەم ڕژێمەدایە؛ بەم مانایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەم ناسنامە تایبەتەی خۆی، لەڕێگەی هێزی نەرمەوە هەوڵی کاریگەری و شوێندانەری لە دەرەوەی سنووره جوگرافییەکانی خۆی دەدات. هەروەها لەم ڕێگەیەوە بنەمای بانگخوازی (دعوە)، کە بنەمایەکی هزری و فیقهیی شیعەیە، جێبەجێ دەکات، بەڵام بە میتۆد و ئامرازی نەرم و دیپلۆماسی و سەردەمییانە. هەروەها لە رووی ڕاگەیاندنەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی کەناڵەکانی ئاسمانیی جامی جەم (١، ٢، ٣)، العالم، سەحەر، الکوثر و پرێس تیڤیی دامەزراندووە، کە بە ناوچەی دەرەوەی سنووری ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگ (ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن)ی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەناسرێت. هەروەها بە زیاتر لە سی زمان ڕادیۆی هەیە لە دەرەوەی وڵات بۆ وڵاتانی عەرەبی، ئیسلامی، ئەفریقی، ئەوروپی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەروەها دەیان پێگەی ئەلکترۆنیی لە تۆڕی ئینتەرنێتدا هەیە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی و ناساندنی شۆڕشی ئیسلامی و هزری ڕێبەرانی ئایینیی کۆماری ئیسلامیی ئێران وکاریگەریدانان لەسەرڕای گشتیی وڵاتانی تری جیهان. لەبواری چالاکییە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی سنوور، دەتوانین ئاماژە

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

بە کۆمەڵەی مانگی سووری کۆماری ئیسلامی بکەین کە (٢٦) نەخۆشخانەی لە وڵاتانی تردا هەیە؛ هەروەها وەزارەتی جیهادی ئاوەدانکردنەوە لە نێوان ساڵانی (١٩٨٦،١٩٩٩)دا، لە وڵاتانی جیاوازدا لە بواری دابینکردنی دەرمان و دروستکردنی نەخۆشخانەدا کاری کردووە. ئەمە بێجگە لە دامەزراوەی "کۆمیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی" کە لە وڵاتانی ئەفغانستان، ئازەربایجان، عێراق، لوبنان، سووریا، تاجیکستان و فەلەستین، نوێنەرایەتی هەیە و یارمەتیی دارایی و پزیشکی دەداتە خەڵك. هەروەها وەزارەتی جیهادی ئاوەدانکردنەوە نوێنەرایەتیی دەرەوەی سنوورەکانی لە وڵاتانی ئاسیایی (لوبنان، ئەفغانستان، پاکستان) و ئەفریقا (تانزانیا، غانا، سوودان و گامبیا) و لە ئەورووپا (بۆسنە و ئەڵبانیا) کردۆتەوە؛ ئەمە بێجگە لە ڕێکخراوەکانی سەر بەسوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی کە لەبواری ئەندازیاری و بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە لە دەرەوەی ئێراندا کاردەکەن(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مرتضی علویان و غلامرضا ضابط پورکاری، ١٣٩٤).

ئێران دەتوانێت/توانیویەتی، بەهۆی توانا زۆرەکانی لە بواری ئەکادیمی، کەلتووری و مێژووییدا، ناسنامەی کوردی، وەکوو لق یاخود بەشێک لە ناسنامەی گەورەتری ئێرانی پێناسە بکات و کاری زۆریشی لەم بوارەدا بەهۆی ڕاگەیاندن و زانکۆ و...هتد، کردووە. بۆیە، ئەم خاڵە وەکوو ڕەگەزی لاوازی ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەتەوەیی کورد دادەنرێت وبەم پێیەش (بەپێی تیۆریی کۆنستراکتیڤیزم) درک و تێگەیشتنی تاک و نەتەوە و هێزە سیاسییەکانی کورد لە خۆی و جیهانی دەرەوەی و، هەروەها بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لێڵ ولەرزۆک و شێوێندراوە ولەژێرکاریگەریی گوتار، سیاسەت و بەرژەوەندیی ئێران و ئێرانیبووندا دەبێت. ئەمە بەمەترسیی هەرە سەرەکی و شاراوە، یاخود خەساری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و گوتاری دەوڵەت-نەتەوەسازیی کورد لە هەموو بەشەکان دادەنرێت. بۆیە پێویستە، کورد، خۆی لەم گوتار و ناسنامە ئێرانییە ڕزگار بکات کە لە قۆناغی یەکەمدا زیاتر کارێکی ئەکادیمی و تیۆریکە و پاشان شۆڕبوونەوەی بۆ کایە و بواری سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و...هتد(بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: حق‌پناه، جعفر، ١٣٨٧).

**نۆیەم:** لە ئێستادا زیاد لە (٨٠٪)ی دانیشتتوانی هەرێمی کوردستان لە شارەکان دەژین، هاوکات هەرێمی کوردستان و عێراقیش تەنها ١٥% بۆ ٢٠%ی ئاسایشی خۆراک دابیندەکرێت، واتە ٨٠%ی پێداویستیی ناوخۆ لە دەرەوە دێت. بەم پێیە ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڕەشە دایە. هەروەها بەهاوردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بە نرخێکی کەم لە ئێرانەوە زیان بە جوتیاران و کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان دەگات. لەلایەکەی تریشەوە چونکە هەرێمی کوردستان خاوەن کەرتی پیشەسازی پێشکەوتووی خۆراک و کەلوپەل نییە، بەهۆی هاوردەکردنی کاڵای کواڵیتیی نزم لە ئێرانەوە و کۆنترۆڵنەکردنی وردی سنوورە فەرمی و نافەرمییەکان جگە لە زیانی ئابووری، ئاسایشی تەندروستی و مرۆیی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە. هەروەها، ئێران پلانی دروستکردنی دەیان بەنداوی هەیە کە بەشێکی زۆری دروستکراوە و ئەمەیش ئاسایشی ئاو و بەگشتی خۆراک دەخاتە مەترسییەوە، جگە لە ئەگەرو مەترسییە ئاسایشییەکانی پیسکردنی ئاو و ژینگە.

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

دەیەم: ئێران لەکاتی هەستکردن بە مەترسی لە پرسی بەدەوڵەتبوونی باشووری کوردستان، دەتوانێت ناڕاستەوخۆ ئەمریکا و راستەوخۆ عێراق و تورکیا لەسەر داهاتووی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خۆی هاوڕا بکات. لەراستیدا، ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە دەوڵەتانی هەرێمی بەتایبەتی ئێران و تورکیا ویست و حەزیان لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق نییە، بەڵکوو بە مانەوەی ئەم ناوچانە لە دۆخی "کێشە لەسەر"، هەرێمی کوردستان لەڕووی مرۆیی و جوگرافی و سیاسی و تەنانەت ئاسایشییەوە لاوازدەبێت، بەڵام بەغدای شیعەی هاوپەیمانی ئێران باڵادەست دەبێت. ئەمە بێجگە لە هەستیاری و گرنگیی پرسی کۆنترۆڵکردنی نرخ و ئاستی هەناردەکردنی نەوت، چونکە هەرێمی کوردستان دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بازاڕەکان دروستبکات. بەدیوێکی تریشدا ئێران لە کەرکووك و ناوچەکانی دەوروبەری، دەتوانێت لەڕێگەی حەشدی شەعبییەوە ئەو هێڵە بەرگرییە کۆنترۆڵکراو وپێناسەکراوەی خۆی تاوەکوو دەریای ناوەڕاست درێژە پێبدات و بیپارێزێت. بەڵام بە گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەرهەرێمی کوردستان ئێران بەتەواوی پەراوێز دەخرێت و ستراتیژییەکەی لە ناوچەکەدا تووشی شکستی قورس دەبێت(بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: محمدرضا حاتمی و میکاییل سانیار، ١٣٩٦).

## کۆبەند:

پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەکوو ئەکتەرێکی نا-دەوڵەتی هەردەم لەژێرکاریگەری و سایەی پرسی کورد بەگشتی و پرسە ئاسایشییەکانی تایبەت بە خودی ئێران لەناوخۆ و ناوچەکە و تەنانەت ئاستی نێودەوڵەتیدا بووە. بەم واتایە کە لەلایەک بەهۆی جۆری ناسنامە و سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران پرسی کورد پرسێکی ئاسایشی بووە ولەلایەکی تریشەوە پاش دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو کیانێکی دیفاکتۆ لە ساڵی ١٩٩٢ و پاشان بەفەرمی ناسینی لە دەستووری نوێی عێراق پاش رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٥، ئەوا فاکتەری نوێ لەو پەیوەندییانە هاتنە ئاراوە. جگە لە پرسی ماف و ئازادییەکانی کورد لەئێران و کاریگەری بەهێزبوونی کوردستان لەسەربەرزبوونەوەی ئاستی داواکاری و مافخوازی نەتەوەکان بەگشتی وکورد بەتایبەتی لەو دەوڵەتە، مەترسی ئێران لە بابەتی سەربەخۆییخوازی هەرێمی کوردستان و مەترسی دابەشبوونی عێراق گەیشتە لووتکە. هەروەها پەرەپێدانی دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ەوە و سیستەمی سیاسی نوێی عێراق(فیدرالیزم) و تەنانەت پرسەکانی جێگیربوونی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لەسنوورەکانی ئێران چی پاش ساڵی ٢٠٠٣ و چی پاش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) بۆتە هۆی دڵەراوکێی ئاسایشی ئێران.

بەگشتی کۆماری ئیسلامی، عێراقێکی لاواز و پڕ لە کێشەی کۆنترۆڵکراوی پێویستە، بەڵام بە مەرجێك ئاڵۆزییەکان لە کۆنترۆڵی دەرنەچن. پێشبینی دەکرێت ئێران ترسی لە باڵادەستیی تورکمانەکانی لایەنگری تورکیاش هەبێت لە کەرکووك، چونکە ئێران ناخوازێت تورکیا لەم ناوچانەدا باڵادەست بێت. بۆیە باشترین حاڵەت بۆ کۆماری ئیسلامی، مانەوەی کەرکووکە بەهەڵپەسێردراوی لە نێوان بەغدا و

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

**هەولێردا. لەلایەکی تریشەوە، ئێران بە مانەوەی کەرکووک بەم شێوەیەی ئێستا، دەتوانێت گوشار بۆ سەر ئەمریکایش دروستبکات و لەڕێگەی حەشدی شەعبی و حکوومەتی عێراقەوە رێگە لە باڵادەستیی ئەمریکا بگرێت؛ تەنانەت لەناوچە سوننییەکانی تری عێراقیشدا. بۆیە هەروەکوو لە ١٦-١٠-٢٠١٧ لە کەرکووک روویدا، هەوڵیدا لەڕێگەی لایەنێکی ناوخۆیی کوردستان و حەشدی شەعبی و حکوومەتی ناوەندییەوە ئەم کارە بکات. ئەمەیش هەم ئەگەری راگەیاندن و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانی بۆ ماوەیەك وەپاش خست، یاخود بە بڕوای ئەوان لەباری برد، هەمیش لەڕێگەی درزدروستکردن و لێکترازاندنی ناوماڵی کورد و ئەگەری دروستکردنی جەنگی ناوخۆ و راگەیاندنی دووئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان، مەترسیی ئاسایشیی بۆسەرمانەوە و بەردەوامیی کیانی هەرێمی کوردستان و سەرچاوەکانی ئابووری و وزە و، هەروەها ئاسایشی سیاسی و سەربازیی کوردستان دروست کرد. هەروەها لەم رێگەیەوە پێگەی هەرێمی کوردستانی لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە لاوازکرد.**